Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler

No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان - هەولێر

ژمارە:
بەروار: 2019/3/24

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/پێشنیازی یاسا**

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیازی یاسای (بیمەی کشتوکاڵی) پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێ و بڕیاری گونجاوی بۆ بدرێ.

لەگەڵ ڕێزدا.

| ز | پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| ١ | عبدالستار مجيد | |
| ٢ | روژیان أحمد رحمان | |
| ٣ | بدرية اسماعيل محمود | |
| ٤ | د.هەورامان گچینەیی | |
| ٥ | مسلم عبدالله رسول | |
| ٦ | عثمان علي سمايل | |
| ٧ | هۆزان عومەر | |
| ٨ | كاوه عبدالقادر حسن | |
| ٩ | دیار ئەنوەر حمە رەحیم | |
| ١٠ | د.كاظم فاروق نافع | |
| ١١ | بیان سالح - بیان تاهیر [illegible] | |
| ١٢ | | |
| ١٣ | | |

# پێشنیازی یاسای بیمەی کشتوکاڵی

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوە ودەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق.

وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئا.

ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق.

سندوق: سندوقی بیمەی کشتوکاڵ.

**ماددەی دووەم:**

پێناسە: سندوقی بیمەی کشتوکاڵی دادەزرێت بەمەبەستی پشتگیری کردنی جوتیاران لە ڕێگەی پێدانی قەرەبوو بەجوتیار و کشتیار لە هەلومەرجی ئەو زەرەر وزیانانەی تووشی بەروبوومی کشتوکال وسامانی ئاژەڵی دەبنلە ئەنجامی کارەساتی سروشتی وژینگەییەوە، لە پێناو پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکال ومسۆگەر کردنی بەردەوام بوونی.

**ماددەی سێیەم:**

ئامانجی سندووق بریتییە لە:

١- بواردان بە جەتیاران بۆ پەرەپێدانی بەروبوومەکانیان بە کۆکردنەوەی سەرچاوەی زیاتر لە ڕێگەی بیمە پێدانەوە، چونکە بیمەی کشتوکاڵی گەرەنتیەکی یاریدەدەرە بۆ بەرهەمی کشتوکاڵ.

٢- دابین کردنی لانی کەم دەرامەت بۆ جوتیار بە شێوەیەك کە سەقامگیری بۆ برەخسێنێت و لەئەنجامادا هەلومەرجی گشتی و بەردەوام بۆ گەشەپێدانی بۆ دەستەبەر ببێ .

٣- هاندانی وەبەرهێنان لە گوندەکان و زیاد بوونی دەرامەتی نەتەوەیی.

٤- دابینکردن و جێگیر کردنی پێداویستی خۆراك لە هەرێمدا کە دەبێتە هۆی ئارامی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

٥- زۆر بوونی وەبەرهێنان لە گوندەکان کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کۆچ لە گوندەوە بۆ شار.

٦- قەرەبوو کردنەوەی جوتیار (وەبەرهێن، خاوەن مولك، سوودمەن) لەو زەرەر وزیانە ماددیانەی بەر بەرهەمی کشتوکاڵ(سامانی ئاژەڵ وکشتوکاڵ)دەکەوێت لە وەرزی بەرهەمهێنان دا بەهۆی کەش وهەوا یان کارەساتی سروشتییەوە.

**ماددەی چوارەم:**

١- ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق بە بڕیارێکی وەزیر پێکدەهێنرێت.

٢- ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق پێکدێت لە:

- سەرۆکێك کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت لە وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو.
- نوێنەری وەزارەت و لایەنەکانی (وەزارەتی دارایی، بانکی کشتوکاڵ، نوێنەری یەکێتی جوتیاران).
- وەزیر بۆی هەیە ئەندامی دیکە بۆ ئەنجومەن دابنێت لە کەسانی شارەزا وپسپۆر.

**ماددەی پێنجەم:**

داهاتی سندوق بریتین لە:

١- بەشداری کردنی سالانەی جوتیار بەپێی ڕووبەری زەوی وجۆری بەروبووم بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانەی ئەنجومەن دەریان دەکات.

٢- پشتەوانەی حکومەت لە بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو بۆ پشتگیری سندوق.

٣- بەشداری کردنی کۆمەڵەکانی جوتیاران بە بڕێك مانگانە دەدرێت.

٤- بەخشین ودیاری و پێدانی دارایی کە سندوق وەریان دەگرێت لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بە پێی یاسا وڕێنماییەکانی کارپێکراو لە دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: ئەو حاڵەتانەی لە سامانی ئاژەڵ وکشتوکاڵ قەربوو دەیانگرێتەوە :

١- نەخۆشی وڕووداوی ژینگەیی.

٢- ڕەوشی نائاسایی کەش.

٣- لافاو.

٤- گرفتی ئەمنی.

٥- ئاگرکەوتنەوە.

٦- ووشکەساڵی.

دووەم: مەرجی سوودمەند بوون لەم سندوقە بریتییە لە:

١- بەشداری ساڵانە بە برە پارەیەك کە ئەنجومەن دیاری دەکات.

٢- دروست بوونی زیانێکی سروشتی بەدەر لە خواست.

**ماددەی حەوتەم:**

ژمێریاری سندوق دەکەوێتە بەرچاودێری و ووردبینی دیوانی چاودێری دارایی.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیری کشتوکاڵ بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی پێچەوانەی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی دەیەم:**

دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ولایەنی پەیوەندیدار ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا کاری پێ دەکرێت.

**هۆکاری دەرچواندنی:**

لەپێناو پشتگیری کردن لە جوتیار وکشتیاران ووەبەرهێنەرانی کەرتی کشتوکاڵی ویارمەتیدانی جوتیار وکشتیار بۆ فراوان کردنی بەرهەم وگەرەنتی کردنی بەروبوومی کشتوکاڵ ولەبەر نەبوونی یاسایەك کە هەموو ئەم ئامانجانە بهێنێتە دی ئەم یاسا دەرچوو.